# پەیکەری پیاوێك

یوسف عیزەدین

( بۆ: پەنهان و نهێنیەکانی ئەسفەهان)

من و تۆ
لەژێر کۆنترین چەتری
زەمەنێکی پڕ لە فۆبیا
وەك دوو بونەوەری تۆقاو
لە هیچێتی دنیایەکمان دەڕوانی
کەناکرێت
بەنێو ڕاڕەوە نهێنیەکانیدا
بچینەوە سەر یەقینی ئەو فرمێسکانەی
کە لە چاوی هەموو ئەوانەی کەوەك ئێمەن
دێنە خوارێ
من و تۆ
لەژێر ئەو چەترەدا
خۆمان لە دلۆپە بارانەکانی
وەرزێکی نەزانراو دەشاردەوە
کەلێوانلێو بوو لەحوزنی
سەدە تاریکەکان
تۆ ئەی ئەوەی کە ناتناسم
نەدەبوو لە ساتێکدا پێکەوەبین
کەجگە لە ئێمە کەس پێکەوە نەبوو
ساتێك بوو
لەنەحس و خورافەی نەهاتەکان
ساتێکی ئالۆشاوی لینج
لەلینجاوی
سەر خەنجەری خیانەتی
سولالەیەك لە توخمی بەشەرە بێ ڕەنگەکان

نەتدەزانی
گەر جێم بهێڵێت
چەترەکەشت لەگەڵ دێت
یان بێ ئاگا
بۆ خۆت دەیبەیت
نەتدەزانی هەر کە بڕۆی
لەنێو کوچەو کۆڵانێکی زەمەندا
دەبیە هاڵاوی خاك
یان لەگۆپکەو گەڵای درەختێکدا
غەیب دەبیت
پێش ئەوەی داکاتە باران
دڵنیام تۆ لێرە بوویت
لەپاڵ دزێوترین پەیکەریپیاوێکدا
راوەستابوویت
وەك هەمیشە
دەنگت هەمان بۆنی گوڵە کێویلەو
درەختەکانی دارستانی قوڕی لێدەهات
تۆ ئەی ئەوەی
سیمات بە رەنگی دوورترین دەریایەك دەچێ
کە چاوە ژەنگاوییەکانی یەئسی لێ دەبارێ
ساڵانێك بەدیار پیربوونمەوە
چاوەڕێ بوویت تاگەنجێتیت
لەتاکە ئاوێنەیەکی ژوورەکەمدا
بوو بە تەنها وێنەیەك
نەدەبوو
ئالەوێدا جێم بهێڵێت و
ببیتە کۆترە باریکە و
بەسەر ئاسمانی رەش داگەڕاوی
دزێویمدا هەڵفڕیت

نەدەبوو لەژێر بارانێکدا جێم بهێڵێت

کەبەچەشنێك تەڕم دەکات

ئیدی بەهیچ وشك نابمەوە

نەتدەزانی گەر تۆ بڕۆی

من تەنها لەو ساتەوەختەی

تەڕبوونەدا دەمێنمەوە

نەتدەزانی تاسەر ئێسك تەڕ دەبم و

بۆ هەتا هەتایە

لەو شوێنەدا کەجێت هێشتم

دەبمە پەیکەر و دەبێت ڕۆژانە

سەدان پیادەڕەو تێم بڕوانن

دەیان سەگی بەڕەڵا میز لەپەنامدا بکەن

نەتدەزانی ئیدی هەر بەتەڕی دەمێنمەوە و

لەژێر هیچ هەتاوێکدا وشك نابمەوە